# بریاری كۆنفرانسی چارەسەری دۆزی كورد

**بریاری تایبەتی : ١**

كۆنفرانس لە سەر رەوشی گوڵبەهار گیوندوز و تێكۆشانی ژنان لە باكوری كوردستان بە شێوەیەكی تایبەتی راوەستا و ئەو خەبات و چالاكیانە وەكو هەنگاوێكی گرنگ دەبینێ لە رێگەی ئازادیدا. رفاندنی گوڵبەهار و ئەشكەنجەدانی و دەستدرێژی كردنە سەری لە لایەن پۆلیسی توركەوە وەكو هێرشێك لە دژی هەموو گەلی كورد و مرۆڤایەتی دەبینین.

لە سەر ئەو كردەوە نامرۆڤانیە سەرنجی بیر ورای گشتیی بۆ ئەم خالآنەی خوارەوە رادەكێشین :

كۆنفرانس :

- بە هۆی ئەم كردەوە دژە مرۆڤیەوە دەوڵەتی تورك بە توندی شەرمەزار و تاوانبار دەكا.
- پشتگیری خۆی لە كەسایەتی گوڵبەهاردا بۆ خەبات و چالاكی ژنان لە باكوری كوردستان رادەگەیەنێ و خەبات و تێكۆشانیانی گرانبەهایان پیرۆز دەكا.
- بانگی هەموو پارت، رێكخستن، سازی و دەزگە و سەرتاپای گەلی كورد دەكا كە لە دژی ئەم هێرشە راوەستن و خۆیان بە كەس و كاری گوڵبەهار بزانن و پشتگیری لە خەبات و چالاكی ژنان بكەن.
- بانگ لە سازی و دەزگەی ژنان و مافەكانی مرۆڤ و بیر و رای گشتی و ناونەتەوەیی دەكا كە لە دژی كردەوەكانی دەوڵەتی تورك دەركەون و پشتگیری لە تێكۆشانی ژنانی كورد بكەن.

ئەمستەردام

٢١. ٦. ٢٠٠٣

كوردستان نێت www.kurdistannet.org